

**هاوار طيب**

## فەزای عیشق

ئەو دەمەی ڕێڕەوی ڕۆحێك لەمەنفای جەستەیەكدا
دەستی یەكبەیەكی هزرو
جوانی دەگرێ
ئەفسانەی سەڕابیش
سەرچۆپی بەحەقیقەت بوون دەگرێت
منێك....لەوبەری بوونەوە
بێدەنگی ئاڵوودە بەزاهید بوون دەكات
ئیدی ڕەهەندەكانی بوون بەتۆ
دەبێتە دۆستی تەمەنێك لەهاوار،
كەعیشق بەئولفەت ئاو دەدرێ
بێ باكیش بەژیان
سەفەر هەمیشە لەسنۆبەری تەنیایی و
مەراقیش ساقی دیوەخانی ڕۆح..
عەزابیش لەقیامەتی نەگەیشتنی مەعشوقدا..
عەشق نغرۆ لەترس و...
كاتیش بەداڵغەی مقامی قەدەرەوە....
یەقینیش لەڕێڕ وڕەسمی ئەو بەری بێدەنگیدا...
دەبێتە موسافیری ماڵی بەیەكگەشتن و
ئەدرەسی فانی ژیانیش پێناسەی سەرەتایەك لەكۆتایی من و تۆ